لە چاکەکاری نییە ڕۆژووگرتن لە سەفەردا

لە جابری کوڕی عبد الله وە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە سەفەردا بوو، قەرەباڵەغیەکی بینی وخەڵکانێک سێبەریان دروست کردبوو بۆ پیاوێک، ئەویش فەرمووی: «ئەمە چییە؟»، ووتیان: ڕۆژووی گرتووە، فەرمووی: «لە چاکەکاری نییە ڕۆژووگرتن لە سەفەردا»، و لە گێڕانەوەی (مسلم)دا فەرمووی: «سوود لە ئەو ڕوخسەتانەی خودا وەربگرن کە پێتانی بەخشیووە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە گەشتێکدا بوو، پیاوێکی بینی کە خەڵک لە دەوری کۆبوونەتەوە، و سێبەریان بۆ کردبوو بەهۆی گەرمی تیشکی خۆر و تینوێتی زۆرەوە، فەرمووی: چییەتی؟ ووتیان: بەڕۆژووە، فەرمووی: لە چاکەکاری نییە ڕۆژووگرتن لە سەفەردا، پابەند بن بە ڕوخسەتی خوداوە کە بۆ ئێوەی بڕیار داوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4503